www.kurdistannet.org
14-4-2003 0:56



# بۆ هەموو سەرکردە گەورە و بچوکەکان

# وێنەکانتان گەورە مەکەنەوە کورسیەکان چۆل کەن

**عەلی مەحمود محەمەد**

**لەوانەیە لێم بپرسن سەرکردە کێیە، من پێم وایە سەرکردە ئەو منالەیە کە لە گەڕەکەکەی خۆیان ئۆتۆریتەی بەسەر هاوڕێکانیدا هەیەو سەرتیپی تۆپ تۆپانی و سەرکردەی شەڕە بەردی گەڕەك و خاوە لە منالەکانی هاوتەمەنی وەرەگرێت وڕەقیبەکانی بەدەست بەندەکانی بەلێدان دەدات و هێلکەیان پێ لەکولانە دەردێنێ و پەنجەرەی مالانیان پێ دەشکێنێ. لەو سەرکردە منالەی وا پێتانم ناساند تا بەڕێوەبەری قوتابخانە باوکی سمێل زلی مالەوە بۆ موختاری گەڕەك و دێ و ڕیش سپی عێل و عەشیرەت مەسئولی حزب و مەنسولی دەستەی چەکدار سکرتێر حزبی گەورەو بچوك ڕەسەن و کارتۆنی هەمو سەرکردەن.**

**دیارە جیاوازی دەسەلاتی ئەمانیش وەك جیاوازی دەسەلاتی سەرەك کۆماری** usa**و جیبۆتی وایە، بەلام گرنگ ئەوەیە هەموو سەری مشکن نەك کلکی شێر.**

**سەرۆکی ڕەحمەتی پێشوی عێراق یەك پەندی بۆ هەمو ئەو سەرکردانی وەك خۆین بەجێ هێشت، واتە ئەو سەرانەی پشیلە بە یەك قەپ دەیان خوات، ئەویش ئەوەیە تا پشیلە لەم دنیایە هەبێت وێنەکانتان گەورە مەکەنەوە با بەر نەعل نەدرێت، ئایە سەدام ئێستا چی بەخۆی دەلێت کاتێك دەبینێت کەلەی سەری لەژێر پێی ئەوانەیە تا دوێنێ ئەلهۆل بەعس و بڕوح بدەم یان بۆ دەکرد**

**هیوادارم سەرۆك سەدام کەلەی سەری خۆی لەژێر پێی کۆنە فیدایان و ڕەفیق حزبیەکان بینیبێتەوە، ئێستا هیوادارم هەرچی سەرکردە هەیە سەرتاپا دەست بەرداری وێنەو کورسیەکانیان بن تا بە پەندەی مەڕحوم نەچونە.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت